# ڕێبەرانی حکومەتی ئیسلامی ئاوا بیردەکەنەوە،
# ئاواش دەدوێن،
# بۆیە دنیاشیان ئاوا لە خوێناو هەڵکێشاوە.

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە چەند بڕگەیەکە لە قسەلانی سەرانی حکومەتی ئیسلامی و بەتایبەت خومەینی، کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارەوە کردوویانە و بەکردەوەشیان دەرهێناوە. ئەم قسانە هێندە روون و بێ پێچوپەنان، کردەوەکانیش هێندە زەق و بەرچاون کە پێویست بە شەرح و شیکردنەوە ناکەن. هەر ئەم دەربڕین و کردەوانە بۆخۆی بە باشی رواڵەت و دەرونی ڕەشی وێژەرەکانیان و پۆڵکیوی و نائینسانی بوونی ئەو بیروباوەرە دەردەخات کە ئەمانەی پێ گۆشکراوە.

- بەشیك لەم قسانە پێوەندییان بە هەرەشە کان, فتوای جیهاد و یەکەم هێرشی حکومەتی ئیسلامی لە ۲۸ی گەلاوێژی ساڵی ۵۸ بۆ سەر کوردستان هەیە.
- پێشتر ئەم بابەتەم لە پەراوێزی نامیلکەی « تیرۆر و ڕەشەکوژی ئاوەڵدوانەی کۆمەڵگای ئیسلامی» لە نووسینی «باقر مۆئمنی» بڵاوکردۆتەوە. پێم باش بوو ئێستا لە ساڵرۆژی فەرمانی جینایەتکارانەی جیهاد دژ بە خەڵکی خۆڕاگری کوردستان جارێکی دیکە و سەربەخۆ بڵاوی بکەمەوە.
- بەشی هەرەزۆری ئەم «وتانە»م لە کتێبێکی دوکتور «شجاعالدین شفا» بە ناوی «توضیح المسائل» وەرگرتووە.

ناسر ئەمین نژاد

» ئێران بە شوێن بەرنامەیەکەوەیە, ئەویش بەرنامەی ئیسلامە. هەر کەس بە چەپ یان راستدا هەڵنگوێ دژە خوایە و دەیەوی دژایەتی خودا بکات و جەزای کەسی واش هەمان جەزایە کە بۆ دژەخوا بڕاوەتەوە”

**لە قسەکانی خومەینی لە چاوپێکەوتن لە گەڵ راهێنەرانی پەروەردە و بارهێنان, جەماران, رۆژی ۲۸ی خەرمانانی۱۳٦۲**

«ئەمن پێموایە ئەگەر هەر هەمان شێوەی رەسولی خودا و ئەمیری موسلمانان و "خولەفای راشدین" بەرێوە بچێ و رەچاو بکرێ, ئیتر هەر لە بنەڕتدا گیراومان نامێنێ و گرێ و گۆڵی گرتوخانەکانی ئێمەش ڕایی دەبن. کاتێ

نوێنەری خوا بە گوێرەی "بینات و الایمان" قەزاوەت بکات, ئیتر کابرای تاوانبار بۆچی دەبێ مفت و مەرحەبا لە گرتووخانەدا بۆخۆی وەربکەوێت و بلەوەڕێت؟ ئەودەم نامەی کردەوەکانی خوێ دەدرێتە دەست, یان ئیعدام دەکرێ، یان ئەوەتا جەزای پارەی بۆ دەبڕدرێتەوە, یان دەنا تەعزیر دەکرێت. ئەم مەسەلەیە لە ئیسلامدا زۆر ئاشکرا و روونە و ئەمبەر و ئەو بەری پێناوێ. ئەگەر کەسێك دووجار، سێ جار داری حەددی لێبدرێت و تەمبێ نەبێ، بۆ جاری چوارەم ئیعدام دەکرێ و بڕایەوە. ئەگەر ئەوها بچێتە پێش, ئەمە پێی دەڵێن قانون, قانونی قەزایی, قانونی شۆڕشگێرانە. نەك لەخۆڕا رێگە بدرێ خەڵك مفت و مەرحەبا لە گرتوخانەکاندا وەربکەوێ و نەققاشێ بکات»

**لە قسەکانی آیت الله گیلانی, حاکمی شەرعی دادگاکانی شۆڕش, رۆژنامەی ئیتلاعات٧ی رەزبەری١٣٦١**

« دادگاکانی شۆڕش گوناحن و "هەتیو" ماونەتەوە. هەڵبەت ئەوە راستە کە ساوەساویان کردووە و بە گوێرەی پێویست ئیعدامیان نەکردووە. ئێمە لە بابەت ئەم کەمتەر خەمی و ساوە ساوە داوی لێبوردن لە خەڵك دەکەین»

**لە قسەکانی آیت الله گیلانی, حاکمی شەرعی دادگاکانی شۆڕش, وتاری رادوێی٢٦ی سەرماوەزی١٣٥٩**

«هەر دەڵێن گرانییە, نەبوونییە, ئێمە بێین ناموسەکانمان, گیانمان و ئیسلامەکەمان بخەینە مەترسییەوە ئەمە چییە گۆشت گرانە و میوە لە کرێن نایەت و خەڵك نارازین؟! ئەمجار خوای نەخواستە ئەم یەکێتییەی کە هەیە تێدابچێ و هەموو ناموسەکان و هەموو زەحمەتەکانی ئەنبیاش سڵاوی خوایان لە سەر بێ بە فیرو بچێ!؟ ئاخر نابێ توزێ پیاو بن؟»

**خومەینی، لە چاوپێکە وتن لە گەڵ وەزیری ناوخۆ و هاوکارەکانی, جەماران, رۆژی ٢١ی خاکەلیوەی١٣٦٢**

« گوێ لەو کەسانە مەگرن کە دەم لە دموکراسییەوە ئەدەن. ئەوانە دژی ئیسلامن, دەیانەوێ میللەتەکەمان بەلارێدا بەرن. ئێمە قەڵەمی ژاراوی ئەو کەسانە دەشکێنین کە باسی نەتەوەیی و دموکراتیك و شتی وا دەکەن»

**خومەینی، لە چاوپێکەوتن لە گەڵ خوێندکاران و فەرهەنگییەکانی شاری قوم, رۆژی ٢٣ی بانەمەری١٣٥٧**

« تویژاڵێك هەن كە دژی ئیسلامن و هەر بەم بۆنەشەوە دژی ئێمەن. ئێمە هەر بەو مستەی كە لە رژیمی شامان سرەواند و لە نێومان برد، ئەوهاش ئەو تویژاڵە ـ كە نوكەری وانن ـ دەكوتینەوە. ئەمن پێتان دەڵێم, جارێكی دیكە بە قسەكانتاندا بچنەوە. لەو شتانەی كە نووسیوتانە توبە بكەن. ئەمن بە ئاگاتان دەكەمەوە دەنا خرابتان بە سەر دێ ...»

**خومەینی، لە مە درە سە ی فەیزییەی قوم,١٥ی جۆزە ردانی ١٣٥٨**

« هەندێك هەلپەرەست و فێڵەباز هەن كە ناهێڵن كاروبارەكان بە شێوەی ئیسلامی بچێتە پێش, بەڵام ئێستا قەیدی نیە, دەبێ جارێ تۆزێك ددان بەخۆماندا بگرێن تا كارە سەرەكییەكان دەچێتە پێش و خۆمان قایم دەكەین, پاشان بەردە شۆڕ كردنێكی پاك و بە تەمیز بەرێوە دەبەین. دەبێ ئەوانە پاكتاو بكرین. كاتێ گرێ سەرەكییەكان ڕایی بوون و بەسەرچوون, ئەوكات بە رۆژێك پاكتاویان دەكەین. »

**چاوپێكەوتن لە گەل نوێنەرەكانی شیركەتی نەتەوەیی نەوتی ئێران, قوم, ٤ی پوشپەری ١٣٥٨**

« ئێمە ئەگەر بزانین و تێبگەین كە پیلان خوازەكان دەستبەردار نابن, بە رۆژێك فاتیحەی هەموانیان دەخوێنین و لە نێویان دەبەین. میللەت ئەو كەسانە هەڵنابژێرن كە گوێ بە ئیسلام نادەن, یان نایانەوی قانوونەكانی ئیسلام بەرێوە بچێ, جا هەرچەند كە زانا و نووسەریش بن. ئەو كەسانە ئەگەر پێیان وابێ كە دەتوانن بە گەلاڵە شەیتانییەكانی خۆیان رێگەیەك بۆ بە لاری بردنی یاسای بنەرەتی لە شارێی ئیسلام بدوزنەوە, بە هەڵەدا چوون»

**(وتار, لە مەدرەسەی فەیزییەی قوم, ٣ی پوشپەری١٣٥٨)**

« هەندێك كەسانی روناكبیر, كەسانی قەڵەم بە دەست و خاوەن زانیاری و بیرمەند دەبینین كە قەڵەمەكانیان هەڵگرتووە و بە ناوی دموكراسییەوە چییان پێخۆشە دەینووسن و بوونەتە هۆی ئاژاوەگێری و بشێوی. ئەم چینی

بەناو روناكبیره دەبێ خۆیان ئیسلاح بكەن. ئێمە هەرچی زووخاوە كە دەیچێژین, لە دەست ئەم زرە رووناكبیرانەیە, كە گۆیا خۆیان بە رووناكبیر و مافناس دەزانن. ئێمە هەرچی دەیكێشین لە چنگ ئەمانەیە.»

(وتار, لە بەردەم ئەندامانی "بزوتنەوەی رادیكالی ئێران! قوم٥ای پوشپەری١٣٥٨)

«دەبێ ئەم رووناكبیرانە بە ئاگا بێن, ئەگەر دەست هەڵنەگرن و بیانەوێ خۆ تێوەربدەن, خراپیان بە سەردێت و سەركوت دەكرێن. ئێمە تا ئێستا لە گەڵ ئێوەدا بە نەرم و نیانی جووڵاوینەتەوە, بەڵكوو دەست لە ئاكاری شەیتان ئاسایی تان هەڵبگرن, ئەگەر بێتو دەستبەردار نەبن قسەی ئاخری خۆمان دەكەین. ئەم چەپ رەوی ئەمریكایی و غەیره ئەمریكاییانە دەبێ باش بزانن, هەركات بمانەوێ و ئارەزو بكەین, دەتوانین لە چەند سەعاتێكدا بیانخەینە زبڵدانی نەمان.»

(پەیام بە میللەتی ئێران ١٧ی پوشپەری١٣٥٨)

«ئەو كەسانەی كە بەرەی سیاسی پێكدەهێنن, دەبێ دەستی لێ هەڵبگرن. خەتای خۆمانە، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە وەكوو شۆڕشەكانی دیكەی دنیا سەری چەندهەزار كەسێك لەم بوگەنیوانە بە بەر چاوی هەموانەوە ببڕدرانایە و ئاوریان تێبەردرایە, ئەو كات هەموو گرێ و گوڵەكان رایی دەبوون و ئەو گێچەلانەش نەدەقەوما. ئێمە حیزبێك یاخود چەند حیزبێك, كە باش دەجووڵێنەوە رادەگرین و ئەوانی دیكە مەمنوع دەكەین. ئێمە ئیتر ناتوانین ئەو درگایانەی كە پێشتر والآمان كردبوو, بهێڵینەوە. ئێمە ناتوانین رێگا بدەین ئەم حیزبانە درێژە بە كاری خۆیان بدەن. ئێمە بە پێی شەرع ناتوانین دەرفەتیان پێبدەین, بە پێی شەرع ئیجازەمان نیە بەریان چۆڵبكەین. ئێمە ئازادی مان دانێ بەلام هەڵە بوو, ئێمە ناتوانین لە گەل ئەم رەوە حەیواناتە درندانە بە نەرم و نیانی بجووڵێینەوە. ئیتر لەمە بەدوا ناهێڵین هیچ نووسراوەیەكی ئەمانە لە هیچ شوێنێكی ئەم وڵاتەدا بڵاو

بێتەوە. ئێمە هەموو نووسراوەکانیان لە بەین دەبەین, دەبێ لە گەڵ ئەمانە توند بین و هەر واش دەکەین ».

(وتار, لە کۆری خۆناساندنی مەجلسی خوبرەگان. قوم٢٧ی پوشپەری ١٣٥٨)

« پاش شۆڕش سنورەکان لابران, قەڵەمەکان سەربەست کران, بەری وتار و رادەربڕینمان چۆڵ کرد، درگای حیزبەکان کرانەوە. ئەودەمی وا بیر دەکرایەوە کە ئەمانە لانی کەم ئەگەر موسڵمانیش نەبن, خۆ ئینسانن. بەلام دەرکەوت ئەمانە بەکرێ گیراوی بێگانەن. ئێستا ئیتر جەوهەر و ناوەروکی ئەم نووسەرانە, ئەم حیزبانە, ناواخنی ئەم وتار و قسە و بەڵێنە هەڵخەلەتێنەرانەمان بۆ دەرکەوتووە. ئێمە ئیتر ئەم سەربەستییانە ناهێڵین. ئەمانە کەسانێك نین بە ئامۆژگاری دەست لە کارەکانی خۆیان هەڵبگرن, دەبێ بە توندی لە گەڵیاندا بجولێنەوە.»

(وتار, لە مەدرەسەی فەیزییەی قوم٢٧ی پوشپەری١٣٥٨)

« دەبێ ئەوکە سانە سەرکوت بکرێن کە بە ناوی دموکراسییەوە دەیانەوێ وڵاتەکەمان بەرەو فەساد و تێداچوون راکێش بکەن. ئەمانە لە یەهوودییەکانی « بنی قریظە»ش خرابترن و دەبێ ئیعدام بکرێن. ئێمە بە ئیزنی خودا و بە ئەمری خودا سەریان دەکوتینەوە »

(وتار, لە مەدرەسەی فەیزییەی قوم٨ی خرمانانی١٣٥٨)

« ئەو کەسانەی دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی نەدا، مانای وایە کە ئێمە ئیسلاممان ناوێ و تاغوتمان دەوێ. ئەو کەسانەش کە دەنگدانیان تەحریم کرد مونافقن, دەیانەویست بەم کارە دەنگ بە کۆماری ئیسلامی نەدرێ. ئێمە ئەو کەسانە هەر وەك مونافق چاویان لێ دەکەین و سەرکوتیان دەکەین. ئێوە مونافقن کە دەتانەوێ فیتنەمان پێ بگێرن. چاومان لە هاتوچووەکانتانە, ئێمە ئاگادارکراوین کە ئێوە لە گەل کەسانێك هاتوچووتان هەیە کە دەیانەوێ وڵاتە کەمان بگەرێننەوە سەر دوخی جاران. ئێستا کە

پیلانگێرییەکانتان ئاشکرا بووە و سەلماوە، سەرکوتتان دەکەین. ئەگەر بێتوو دەست لە زۆڵێتی و شەیتانی هەڵنەگرن بانگەوازێکی بە تەوژمتر لە جاری پێشوو جارٚ دەدەین و دارتان بە سەر بەردتانەوە ناهێلین و هەموانتان پاکسازی دەکەین. ئیتر ناهێلین ئێوەی زوڵ و تووی خراپە درێژە بە کارەکانتان بدەن.»

**پەیام بە بۆنەی جێژنی رەمەزان ١٢ی خەرمانانی ١٣٥٨**

« ئەم رەگ و ریشاڵە بوگەنیوانەی کە ئێستا کەوتونەتەوە جموجول, سەرکوت دەکرێن و لە ئەنجامدا ولاتەکەمان خاوێن دەبێتەوە. حەزرەتی «امیرالمومنین» کاتێك لە گەل لەشکری «مەعاویە» و«خەوارج», کە لە کافرەکان خراپتر بوون, بەرەورو بوٚوە, زوٚر بە توندوتیژی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردن و سەری خەوارجەکانی بە جوٚرێك پان کردەوە کە تەنیا چەند کەسێکیان دەرفەتی هەڵاتنیان بوٚ هەڵکەوت... »

**قسە بوٚ خاوخێزانی خەلەبانەکان, قوم.١١ی خەرمانانی ١٣٥٨**

« روژی خەوارج ئەو روژەیە کە «امیرالمومنین»ی ئیسلام شمشێرەکەی هەڵکێشا و ئەو گەندەلانەی هەر وەك لووی سەرەتان دروێنە کرد و هەموانی کوشت. ئەو روژە روژی خوا بوو, ئەو روژانەش کە خوای تەبارەك و تەعالا بوٚ تەمبێ کردنی میلەتەکان بوومەلەرزەیان بوٚ دەنێرێ, لافاویان بوٚ رەوانە دەکات و توفان و گەردەلوولیان بوٚ رایی دەکات و بە کورتی هەموو ئەو روژانەی کە قەمچی لە خەڵك بەدەستەوە دەگرێ و دەیانکوتێ, هەتا ببنە پیاو, هەموو ئەو روژانە روژی خودان و ئەو شتانەن کە پێوەندییان بە خواوە هەیە.»

**وتار, بە بونەی ساڵتێوەرسوران و ٚ بیرهێنانی شەهیدەکانی ١٧ی خەرمانان.روژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٥٨**

«خۆتێهەڵقورتێنی و کارشکێنی مەکەن، هەموان دەبێ مل بە کۆماری ئیسلامی بدەن و سەر لەپێناوی ئەم حکومەتە بن. دەنا ئەگەر وانەکەن، تەفروتوونا دەبن»

**قسە بۆ ئەفسەرەکانی هێزی هەوایی ئیسفەهان, قوم,٢٨ی خەومانانی ١٣٥٨**

«نەیارەکانی ئێمە لە لووی سەرەتان دەچن، دەبێ عەمەلیات بکرێن و دەرهاویژرێن. دەنا هەموو شتێك گەندەڵ دەکەن و لە نێوی دەبەن... ئەم نووسەرانە, ئەم وتاربێژییانە, ئەم هەڵسوکەوتی دژ و بە پێچەوانە و ئەم بەرنامە گەلی دیموکراسییە هەمووی خۆلادانن لە ئیسلام. هەر نووزەیەك کە سەرهەڵبدا لە لایەن کوفرەوەیە, لە لایەن زەندیقییەکانەوەیە».

**قسە بۆ بە نوێنەرانی خەلکی تەورێز. قوم, رۆژی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٥٨**

«ئێمە دەبی ئەو تاقم و کەسانەی کە لە هێڵی ئیسلامدا نین و ریگای بزوتنەوەی ئیسلامییان نەگرتوتە بەر، لە نووسراوەکانیان را بناسین. ئێوە مەلاکای کە شوکور بۆ خوا ئاوساری ئومەتی ئیسلامیتان لە دەستدایە، دەبێ خەڵك لەو زوڵ و شەیتانوکانەی کە خەریکی پیلان و کۆڕوکۆمەل پێکهێنانن و دەگەفن, بە ئاگا بێنن. ئەم خەڵکانە لە یەك شت دەترسن، ئەویش ئیسلامە. خاڵی سەرەکی رەخنەکانیان ئیسلامە و بە قسەکانیان تیری رەخنە ئاراستەی ئیسلام دەکەن. قەڵەمی ئەو کەسانە هەمان سەرەنیزەی پیشووە کە ئیستا وەك قەڵەم کەوتوتە گەر... ئەمانە دەبێ بزانن هەتا ئەم منبەر و میحرابە هەیە, هەتا ئێوەی وتاربیژ و رەوزە خوێن هەن، هیچیان پێناکری. ئەمن ئەو نەیارانە بە ئاگا دێنم, هێندە کۆروکۆمەل ساز مەکەن، ئەوەندە بلاوکراوە دەرمەکەن, ئەوەندە شت بلاو مەکەنەوە. ئیستا توخوا بونەتە مەردی ئازا و سەرتان هەڵبڕیوە؟ بە دەمتاندا دەدەم، چما ئێوە دەسەلاتتان هەیە؟ دەست لەم قسە قۆرانە و لەم تورەهاتە هەڵبگرن. دەنا خراپو بەسەر دیت»

**قسه بۆ به تاقمێک مەلا , شاری قوم, ٣ی ڕەزبەری١٣٥٨**

«لەو شۆڕشەی کە لە ئێراندا چێ بوو، لە چوارقورنەی ئێراندا خەڵك هەر هاواریان ئە وە بوو, ئێمە ئیسلاممان دەوێ. ئەم میللەتە هەستانە پێ لە بۆ ئیسلام, ڕانەپەرین هەتا دموکراسی لە وڵاتەکەیاندا هەبێ».

**لە چاوپێکەوتن لە گەڵ شۆرای بەڕیوەبەریی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی. قوم,١٩ی سەرماوەزی ١٣٥٨**

«ئەو تاوانبارانەی کە ئێستا دەستبەسەرن، لە خۆوە تاوانبارنەکراون، تاوانی ئەوانە زۆر ئاشکرایە، تە نیا دەبێ بە ناونیشان بناسرێن, ئەوجار هەموانیان بکوژرێن. ئەمانە هەر پیویست ناکا مەحکەمە بکرێن، هیچ بەزەیییەك بۆ ئەمانە نەهاتووە، ئێمە لەو بڕوایەداین کە تاوانبار هەر لە بنەرەتدا مەحکەمەی ناوێت و دەبێ بکوژرێ»

**پەیام بۆ میللەتی ئێران, ٩ی پوشپەری ١٣٥٨**

«خەڵك دەبێ لەو دایکەوە فێر بن کە هاتوو کوڕەکەی خۆی هێناو ختییە بەر دەم مەحکەمە و پاشان ئیعدام کرا. ئەمە یەکێك لە نمونەکانی ئیسلامە و خەلکی دیکەش دەبێ هەر وابن. دەبێ کەس‌وکار و براو منداڵەکانیان ئامۆژگاری بکەن، ئەگەر ئامۆژگارییان بە گویدا نەچوو؟ ئەمجار بۆخۆیان بیانهێنن و بیانناسێنن, هەتا بە جەزای خۆیان بگەن. ئەمە ئەرکی ئیسلامی و بەرپرسیارەتی نەتەوەییتانە. سەر لە پێناویدا بن و ڕەچاوی بکەن»

**لە چاو پێکەوتن لە گەڵ ئەفسەر و دەرەجە دارەکانی شاربانی کۆماری ئیسلامی ئێران , قوم,٢ی خەرمانانی ١٣٦٠**

«ئەی ژنە, ئەوکارەی تۆ کردت, بوو بە نمونە لە ئیسلام. تۆ هاتیت و کورەکەت دایە دەست بەرپرسانی ئیسلامی و بە سزای خۆی گەیشت. هەموان دەبێ کاری وا بکەن. ئەرکی سەرشانی هەموو خەلکی موسڵمانە ئەوها بجوڵێتە و ئەو نمونە یە ڕەچاو بکەن»

**لە چاو پێکەوتن لە گەل دایکی«محمود طریق الاسلام» کە وە ک دایکی نمونە ڕاگەیەندرا.**

«خوێندکارانی خۆشەویست دەبێ زۆر بە وردی هەڵسوکەوت و ئاکاری مامۆستا و بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکانیان بخەنە ژێر چاوەدێری و ئەگەر خوای نەخواستە یەکێکیان بەلاڕیدا هەڵخلیسکابوو, خێرا بەرپرسەکان ئاگادار بکەنەوە و راپۆرتیان بدەنی. هەروەها دەبی خودی مامۆستا و پەروەردەرەکانیش زور بە وردی ئاگاداری هاوکارەکانیان بن و بەری ئەوکەسانە بگرن کە دەیانەوێ زۆڵانە لە ناواخنی دەرسەکاندا بیروڕای چەواشەی خۆیان بە گوێی منالانی ئەم نیشتمانی ئیسلامییەدا بخوینن، ئەگەر هەوڵدانەکانتان کەڵکی نەبوو، ئەمجار زوّر بە برِشتانە و بەتێڕادیوی لایەنەکانی بەرپرس ئاگادار بکەنەوە.... روڵە خوشەویستە کانیشم(مەبەست خوێندکارانە بە گشتی) دەبێ خۆیان زوّر وشیارانە ئاگاداری یەکتری بن، ئەگەر دیتیان هەندێك لە دوژمنان لە کەوڵی دوّستایەتی و هاوپۆلیدا بە تەمای ئەوە بوون بە لای خۆیان و تاقمەکەیان راکێشتان بکەن, ئەوا خێرا بیانناسێنن و هەوڵیش بدەن ئەم کارەش بە شاراوەیی ئەنجام بدەن. دایکان و باوکانی بەرپرسیاریش دەبێ بە وردی هاتوچووی منالەکانیان بخەنە ژێر چاوەدێری و ئاگایان لە هە موو شتێك ببێ»

**پەیام بە بۆنەی کرانەوەی خوێندنگەکان، ١ی رەزبەری ١٣٦١**

«هەتا ئەم میللەتە هەبووە، ئەم کەسایەتیە ئاینییانەش هەبوون. ئەوە بزانن کە لە هەموو شوێنێکی ئەم ولاتەدا تەنیا مەلاکان و ئەم کەسایەتییانە دەتوانن کاروبارەکان بەرەو پێش ببەن. ئەوەندە دەمارگیریی بوّ لابردنی ئەم مەلایانە بە خەرج مەدەن. ئەرێ پێم نالێن خۆتان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا چیتان بوّ ئەم ولاتە کردوە؟ ئێستا واتان لێهاتووە, دەڵێن نابێ مەلاکان کاریان بە دەست بێ؟ قەدری ئەم مەلایانە بزانن، ئێوە باش تێناگەن, ئەگەر ئەم تایفەیە بخەنە لاوە، ئە وە ئیتر هیچ ناوونیشانێك لە ئیسلام نامێنێتەوە. وای دابنێین مەلایەك لە شوێنێکدا هەڵەیەکیشی کردبێ،

چما ئێوه نەتانکردووه؟ بۆچی ئێوه خوتان خیلاف بکەن و کابرای مەندیل بە سەر نەیکا؟»

**لە چاو پێکەوتن لە گەل نوینەرانی مەجلیسی ئیسلامی لە جەماران , ٦ی رەزبەری١٣٥٨**

« ئەم پیاوە ئاینیانە بۆیە جلّەوی کاروبارەکانیان گرتۆتە دەست، چونکا دەزانن کە کەسانی دیکە دەرەقەتی ئەم کارە نایەن و ناتوانن کاروبارەکان بەوجورە بەرێوە بەرن کە ئیسلام رەزای لەسەرە. بە بێ ئەمانە ولات بەرێوە ناچێ. چی ولامی خودا بدەینەوە؟»

**لە چاو پێکەوتن لە گەل نوینەرانی مەجلیس و فەرماندەکانی سپای پاسداران لە جەماران , ٩ی خەرمانانی ١٣٦٨**

« ئەو کەسانەی پێیان وایە روناکبیرن و داوای مەجلسی دامەزرێنەران (مجلس موسسان) ئەکەن, دەبێ دەستی لێ هەلّبگرن. ئەمانە دژایەتی لە گەل ئیسلامدا دەکەن و لە ئیسلام توقاون»

**لە مەراسمی خۆ پێناساندنی نوێنەرانی مەجلسی دەست بژێدراوەکان, قوم ٢٧ی گەلاویژی ١٣٥٨**

« ئێمە دەبێ شۆرشەکەمان بگەیەنینە هەموو ولاتانی ئیسلامی, ئەگەر ئەم شۆرشە بنێردرێ و لە هەر جێیەك سەر هەلّبدا, ئەوا ئیتر تەنگ و چەلّەمەکان چارەسەر دەبن و ئەم رەگ و ریشالّی گەندەلّی و خراپەکارییە لە ولاتانی موسلمانەکان هەلّدەکێشری.»

**پەیام بۆ کونگرەی رزگارکردنی قودس. ٨ی پوشپەری ١٣٥٩**

« لە هەر شوینیك بەزمی دژ بە "ولایەتی فەقێ" یان "وەلی فەقێ "هەلّگیرسا، هەولّبدەن دای کوژێنن. ئەگەر ئەوانەی ئەم بەزمەیان لە روی نەزانینەوە هەلّگیرساندبوو، هەولّبدەن ئەم لە داوکەوتوانە روون کەنەوە و بەئاگایان بێنن و تەمی گومانیان برەوێنن. بەلام ئەگەر زانیتان ئەم گێچەلّەیان لە روی غەرەز و رقەوە سازکردووە, بیانخنکێنن. »

**(آیت الله مسباح یەزدی. لە وتارێکدا بۆ بەسیجییەکانی شاری قوروە . ٧ی گەلاوێژی سالی١٣٨١**